قەرارگاکانی سوپای قۆدس لە هەرێمی کوردستان/ راپۆرت

2016-12-29



لە دوای تیرۆری شەوی پەلدا دەیان لێکدانەوە و لێدوان لەمەڕ ئەو کردەوە تیرۆریستییە هاتوونەتە ئاراوەو بۆ جارێکی دیکە پرسی تیرۆری چالاکانی رۆژهەلاتی کوردستانی لە باشووری کوردستاندا هێناوەتەوە رۆژەڤی باس و هەواڵەکان.

شەوی یەلدا ٥ ئەندام و پیشمەرگەی (حدک) و هەروەها ٢ کارمەندی ئاسایشی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان لە نزیک بارەگای حدک شەهید بوون، کە بەپێی ئەو زانیارییانەی بڵاوبوونەتەوە تەرمی بەشێک لەو شەهیدانە لە ئەنجامی تەقینەوەکەدا سووتان کە ئاماژەیەوە بۆ ئەوەی ئەو دوو بۆمبە، بۆمبی فۆسفۆڕی بوون.



بۆمبی فۆسفۆڕی، یان فۆسفۆڕ مادەیەکە، کە ئەگەر بکەوێتە بەر هەوای ئازاد دەستبەجێ دەسووتێ و ئەگەریش بەر لەشی مرۆڤ بکەوێ، هەتا سەر ئێسقان دیسووتێنێ. بۆمبی فۆسفۆڕی لە ڕیزی چەکە کۆمەڵکوژەکاندایە و بەکارهێنانی قەدەغەیە.

کەواتە یەکەم کردەوەی تیرۆریستیی ڕژیمی ئێران بەدژی چالاکان لە دوای دەیەی ٩٠ی زایینی، بە چەکی کۆمەڵکوژ ئەنجام دراوە، بەڵام هەتا ئێستا حدک وەکوو ئەو لایەنەی کە تیرۆرەکەی بەرامبەر ئەنجام دراوە، هیچ چەشنە لێدوان و ڕوونکردنەوەیەکی لەو پەیوەندییەدا نەداوە.

بەشێک لە چالاکان، (حدک) بە کەمتەرخەم تۆمەتبار دەکەن و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاماژەیان بەوە کردووە کە دەبوا هەموو لایەنەکانی ئەو کردەوە تیرۆریستییەی بۆ ڕای گشتی و کۆمەڵگەی جیهانی ڕوون بکردایەتەوە.

ئاسایشی هەرێمی کوردستانی باشوور ڕایگەیاندووە دوو کەس، کە دەگوترێ ئەندامی (حدک) بوون، وەکوو تۆمەتباری ئەو کردەوە تیرۆریستییە دەستەسەر کراون، بەڵام حدک هیچ زانیارییەکی لەو بارەیەوە نەدرکاندووە.

بەڵام چالاکان رایانگەیاندووە، ئەو کردەوە تیرۆریستییە (بەتایبەت کە بە چەکی کۆمەڵکوژ بووە)، بەبێ هەبوونی ڕێکخستن و ناوەندێکی تایبەتی وەزارەتی ئیتلاعات لە هەرێمی کوردستان مومکین نییە.

هەتا ئێستا ئەو ڕاپۆرتانەی کە بڵاوبوونەتەوە، نزیک بە ٣٠٠ بنکە و ناوەندی گەورە و بچووکی سەربە قەرارگای ڕەمەزانی سوپای قودسی ڕژیمی ئێران لە شارەکانی سلێمانی، زاخۆ، دهۆک، هەولێر و هەڵەبجە چالاکن و گەورەترین ئەرکی پێ ئەسپێردراوی ئەو ناوەندانە، چاوەدێری کردنی حیزبە کوردییەکانی دژبەری ڕژیمی ئێڕانە.

بەپێی ئەو بەڵگانەی کە بڵاوبوونەتەوە، یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ڕاستەوخۆ بەشێک لە هێزی چاوەدێریی سپای قودس بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵات کوردستان و نوێنەرایەتیی هەرێم لە

تاران(نازم دەباغ)، راسپاردەی فەرماندەرانی سوپای پاسدارانی بۆ چاوەدێری کردنی حیزبەکان بە بەرپرسانی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان گەیاندووە.



حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران سەرەتای ساڵی ١٣٩٤ی هەتاوی لەژێر گوشاری جیلی نوی بەرەو قەندیل هەڵکشا تا هەم مۆعادڵاتەکە تێک بدات و هەم ئەوە دەربخات کە حزبی دێمۆکرات ماوە بەسەر چوو نییە، بەڵکوو نیازی بە رێفۆرمێکە بۆ ئەوەی رێگە بدا بە جیلی نوێ. بە رۆیشتنی دێمۆکرات بۆ قەندیل، پەکەکە بە تەواوی غافڵگیر بوو، بۆیە ئەوە ئەمجارە پەکەکە بوو کە کەوتە دۆخی لاوازی و کۆنترۆڵی خۆی لە دەست دا. جیا لەوەی کە هێرشی کردە سەر پێشمەرگە و کەسێکی شەهید کرد و چەن کەس بریندار، کەوتە ناشیرین کردن و پاساو هێنانەوە کە هیچ بنەمای ئەقڵیان نەبوو و نییە.

دوابەدوای ئەوەیکە نەورۆزی ساڵی ١٣٩٥ بە فەرمی بڕیاری خەباتی چەکداری بە دژی رژیمی ئێران راگەیاندرایەوە، دەزگا ئیتلاعاتییەکانی رژیمی ئێران و فەرماندەرانی سوپای پاسداران شەپۆلێکی هەڕەشەی لەناوبردن و تیرۆری پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتیان لە هەرێمی کوردستان دەست پێکردەوە.



ئاشکرایە کە پەکەکە لەگەڵ ئێران رێککەوتنی جاسووسانی هەیە. هەتا ئیستا نازاندرێ ناوەرۆکی ئەو رێککەوتنە چییە، بەڵام لەو بارەیەوە دەکرێ چەند پرسیار بخەینە بەردەم پەکەکە و لایەنگرە رۆژهەڵاتییەکانی پەکەکە: ئایا ئەو رێککەوتنە، رێککەوتنێکی ستراتژیکییە یان تاکتیکی؟ بێگومان ئەم پرسیارە بەرەو وڵامێک دەمانبات کە هەستیاری پەکەکە بەرامبەر بە حۆزووری دێمۆکرات لە قەندیل ئاشکرا دەکات و بێ بنەمایی پاساوەکان دەردەخات. ئەگەر ستراتژیک بێ، ماناکەی شتێ نییە جگە لەوەی کە کۆماری ئیسلامی و پەکەکە خاوەنی یەک سیاسەتی کەڵانن؛ ئەگەر نا، تاکتیکی بێت، پێویستە رۆژهەڵاتییەکانی پەکەکە لە حزبەکەیان بپرسن چیتان داوە و چیتان وەرگرتووە؟ لەم


دانوستانەدا ڕۆژهەڵات چ پشکێکی بەرکەوتووە؟ چ شتێکی ڕۆژهەڵاتتان بە دەسەڵات فرۆشتووە، تا لە ڕۆژئاوا یان باکوور، یان وەکوو حزب چی بە دەست بێنن؟ بێگومان ئەگەر پەکەکەییە ڕۆژهەڵاتییەکان لە جیاتی ئەوەی لە فەلسەفەی ئاپۆ!! بدوێن، بە دوای وڵامی ئەم پرسیارگەلە بکەون، هەم خۆیان لە سەرگەردانی ڕزگار کردووە و هەم ڕۆژهەلاتیش لە چەند دەستەگی.

هەمیشە ئەو وڵاتەی کە داڵدەی ئۆپۆزسیۆنی وڵاتێکی دیکە دەدات، ئەگەر دژایەتیی لەنێوان ئەو دوو دەوڵەتەدا ئاشکرابێت، ئەوا داڵدەدانەکەش ڕاستەوخۆیە، ئەگەر دژایەتییەکەش نهێنی بێت، ئەوا داڵدەدانو هاوکارییەکەش ناڕاستەوخۆیە.

لەسەر ئەم بنەمایە ئێرانی سەردەمی کۆماریی ئیسلامی باشترین داڵدەدەری شۆڕشی کوردیو حیزبە کوردییەکانی باشوور بووە، بەتایبەتی لە ماوەی شەڕی نێوان عێراقو ئێراندا. هاوکاریی لۆجیستیو ماددیی پێشکەشکردوونو خاکەکەی دەیان ساڵ شوێنی حەوانەوەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەگشتیو حیزبە کوردییەکان بەتایبەتی بووە.

ئەوە بە ئەرکی ڕێکخستنی پەیوەندیی نێوان ئەم دەوڵەتو ئۆپۆزسیۆنانە هەستاوە، دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەو وڵاتانە بووە. بەم پێیەش داڵدەدانی حیزبە کوردییەکانی کوردستانی عێراقی پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ لەژێر باڵی ئیتڵاعاتدا بووەو هەر لەلایەن ئەوانیشەوە مامەڵەیان لە گەڵ کراوە.

ئیتڵاعات یان هەر دەزگایەکی دیکە کە یارمەتیی ئۆپۆزسیۆنی وڵاتێک دەدات چاوی لە دوژمنی هاوبەشو دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەو وڵاتەدایە. بۆیە هەمیشە ئۆپۆزسیۆنەکان لەپێناوی مانەوەو بەردەوامبوونی داڵدەدانو یارمەتییان، ناچار بە جیبەجێ کردنی مەرجی دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەو وڵاتانە بوون، ئەگەرچی ئەو مەرجانە زۆر کات قورس بوونو دژی بیروبۆچوونو باوەڕی خودی ئەو حیزبانە بوونو ناچار بە ئەنجامدانی کراون. بەڵام لەنێوان حیزبە کوردییەکاندا هەڵوێستی جیاواز بەرچاو دەکەوێت لەم ڕووەوە.



بە نموونە پارتی دیموکراتی کوردستان کە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانی سەردەمی شاوە داڵدەدرابوو. لەلایەن ساواکەوە شەڕی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی پێکراو لە پێناو بەردەوامیی یارمەتی‌دا، لە شارەکانی (شنۆ و نەغەدە) شەڕی دژبە کوردی ڕۆژهەڵاتیان قبوولکرد.

هەروەها بزووتنەوەی ئیسلامی بەرامبەر بەردەوامبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا چەندین کاری بۆ ئیتلاعات کرد، لەوانە؛ تەسلیمکردنەوەی ٧ کادیری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە ئیتلاعات کە دواتر ٦ کەسیان ئیعدام کران. یەکێتیی نیشتیمانییش لەسەر داواکاریی ئێران جارێك پەلاماری دیموکراتو جارێکیش پەلاماری حیزبی کۆمۆنیستی دەدا.

**کەچی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە سەردەمی د. قاسملوودا لەمڕووەوە خاوەن هەڵوێستێکی جیاوازە کە شایانی باسکردنە.**

**کاتێك ئامادەنەبوو لە بەرامبەر هاوکارییەکانی رژێمی سەدامدا بۆ حیزبەکەی چاو لە تاوانی هەڵەبجە بپۆشێتو ئەو داواکارییەی سەدام قبوڵبکات کە دەیویست لە ساتەوەختی هەڵەبجەدا پێشوازیی لێبکات. قاسملوو دەیزانی قبوڵنەکردنی ئەم داوایە مانای کۆتاییهاتن بە یارمەتیەکانی رژێمی سەدام دەگەیەنێت بۆ ئەوان وەکو حیزبێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێران کە زۆریش پێویستیان بوو. کەچی قاسملوو رازی نەبوو فیشەکێك بە حیزبە کوردییەکانی عێراقەوە بنێت. هەرچەندە ئەم هەڵوێستەی د. قاسملوو بەقورسی لەسەر حیزبی دیموکرات شکایەوە، بەڵام بۆ هەتاهەتایە جێگای ستایشی مێژووە.**

ئەوە شتێکی شاراوە نییە کە پێش راپەڕین ئیتلاعات هەیمەنەی تەواوی بەسەر حیزبە کوردییەکانی باشووردا هەبوو، چونکە ئێران تەنها دەروازە بوو. ئەم دەروازەیەش دەیویست پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەم حیزبانەدا بخاتە چوارچێوەی ستراتیژە سیاسیو ئەمنییەکەی خۆیەوە. بەڵام بەدرێژایی ئەم ماوەیە پەیوەندییەکانی لەگەڵ یەکێتیی نیشتیمانیی باشتر بووە لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ پارتیدا. چونکە لە تێڕوانینی ئێراندا پارتی هاوپەیمانو دۆستی ئیسرائیل بووەو بەشێك لە کادیرەکانی لەسەر دەستی مووساد مەشقو راهێنانیان پێکراوە. بەڵام بۆ یەکێتیی نیشتیمانیی بارودۆخەکە جیاوازبووە، چونکە هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە کە لە سووریا بووە، لەناو هێڵی بەرەی یەکگرتووی عەرەبدا بووەو بەئاشکرا لایەنگری کێشەی فەلەستینو دژایەتیی ئیسرائیلیان کردووە، بەم پێیەش دۆستی هاوبەش و دوژمنی هاوبەشی لەگەڵ رژێمی ئێراندا هەبووە.

هەر لەبەر ئەوەش پەیوەندیی لەگەڵ یەکێتیدا ئاسانترو سەرکەوتووتر بووە بۆ ئێران تاوەکوو پارتیو بەدرێژایی مێژوو کۆماری ئیسلامیی ئێران سڵی لێکردوونەتەوە، بەتایبەتی ئەگەر ئەوە لەبەرچاو بگرین کە پێش شۆڕشی ١٩٧٩ لە ئێران پارتی پەیوەندیی پتەوی لەگەڵ دەوڵەتی شاو دەزگای (ساواک)دا هەبوو. ئەمەش بەو مانایە دێت کە پارتی دۆستی دوژمنەکانی شۆڕشی ئیسلامی ئێران بووە.

یەکێک لە بەرپرسانی حدک لە پاش تەقینەوەکەی کۆیە، رایگەیاندووە: "کۆماری ئیسلامیی بۆ چالاککردنەوەی نیازە تیرۆریستییەکانیان لە هەرێمی کوردستان و لە دژی حزبی دیموکرات و لایەنە سیاسییەکانی تری رۆژهەڵاتی کوردستان، پێوەندییان لەگەڵ ژمارەیەك لە هاودەستانی خۆیان لە دەیەی ٩٠ی هەتاویدا بەستووەتەوە و داوایان لێ کردوون بۆ ئەم مەبەستە هاوکارییان بکەن."

لەدوای راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ەوە، هاتنە ناوەوەی ئێران بۆ هەرێمی کوردستان بەڕوونی بەرچاو دەکەوێت، ئەویش بەهۆی دوو فاکتەری گرینگەوە:

١ ـپێویستیی ئابووری: هەرێمی کوردستان لەژێر دوو گەمارۆی گەورەی ئابووریدا بوو؛ گەمارۆی نێودەوڵەتیو گەمارۆی حکومەتی عێراق. لەمڕووەشەوە ئێران دەروازەیەکی گرنگی دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیانی رۆژانەی خەڵک بوو.

٢ ـپێویستیی سیاسی: راپەڕینی ئازاری ١٩٩١ بە مانای ئەوە بوو کە دۆستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەتایبەتی یەکێتییو سۆسیالیستو بزووتنەوەو تا رادەیەکیش پارتی دەسەڵات دەگرنە دەست، ئەمەش مافی ئەوە بە ئێران دەدات کە لە هەرێمی دۆستەکانیدا دەستکراوە بێت.

ئەمە جگە لەوەی لە تەواوی ئەو ساڵانەدا ئێران دەروازەی سەرەکیی هاتوچۆی بەرپرسەکانی کورد بووە. لەو سەرەتایەوە بەهۆی ناسەقامگیریی باری سیاسیو ئابوورییەوە ئێران ئەو دەستکراوەییەی بۆ چووە سەرو بەوپەڕی دەستکراوەییەوە کەوتە لەناوبردنی نەیارەکانی لەسەر خاکی هەرێمی کوردستانو بەئاشکرا لەناو ماڵو بارەگاو شەقامو تەنانەت لە بازگەکانیشدا کەوتنە تیرۆرکردنی نەیارەکانیان، بەتایبەتی کادرو سەرکردەو ئەندامی حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران.

به پێی راپۆرتێك که پێشتر له رۆژی کورد بڵاو کراوەتەوە هەتا ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا نزیکەی ٣٠٠کەس لە سەرکردەو کادیرو ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی ئێران بەدەستی ئیتڵاعاتی ئێران تیرۆر کراون. کە لە نێو ئەوانەدا زیاتر لە ١٥١ کەس بەتەنها ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو ١٠٠ کەسیان ئەندامی کۆمەڵەو ٣٠ کەسیان شۆڕشگێڕانو ئەوانی دیکەش لە حیزبەکانی دیکەی وەکوو سازمانی خەبات و هتد... بوون.

**ئەوەی جێگەی تێڕامانە بەشی زۆری ئەم حاڵەتی تیرۆرانە لە سنووری پارێزگای سلێمانیدا بوونو کەمترین جاریش بکوژەکە ئێرانی بووە. رەنگە سەرنجدانێکی ورد لەم بابەتە هێندە زیرەکیی نەوێت بۆ ئەوەی کە وەڵامگەلێکمان دەستبکەوێت.**

بەشێکی زۆری ئەم کردەوانەش لە ساڵانی سەرەتای نەوەدەکاندا ئەنجامدراون. ئەمە جگە لەوەی لە سەرەتای ساڵانی نەوەدەکانەوە ئێران بەئاشکرا نووسینگەی قەرارگای رەمەزانی هێنایە شارەکانی کوردستانەوەو لە شارەکانی سلێمانیو هەولێرو دهۆكو هەڵەبجە بارەگایان کردەوە، لە کاتێکدا قەرارگای رەمەزان دەزگایەکی ئیستیخباراتییەو سەر بە سوپای قودسە. ئەمەش ئەوپەڕی دەستکراوەیی ئێران لە هەرێمی کوردستاندا دەسەلمێنێت، چونکە هیچ شوێنێك نییە بەئاشکرا بارەگای ئیستیخباراتیی وڵاتێکی دیکەی لێکرابێتەوە.

ئەم بارەگایانەی قەرارگای رەمەزان چەند کارێک دەکەن، لەوانە؛ پەیوەندیی لەگەڵ هەندێك لە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانو تەنانەت بڕینەوەی مووچە بۆیان، دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ سیاسییو سەرۆك عەشیرەتو خەڵکی ئاساییداو راکێشانیان بەلای ئیتڵاعاتو ئەنجامدان و پێ ئەسپاردنی کاری تیرۆریستی. لەمڕووەشەوە خراپیی باری ئابووریی خەڵک دەقۆزنەوە. ئەمە جگە لەوەی راستەوخۆ چەند حیزبێکیان دروستکرد کە راستەوخۆ کاریان بۆ ئیتڵاعات دەکرد. لەوانە پارتی راپەڕینی کوردستان، کە کەماڵی مام رەحمان ماوەتی سکرتێری بوو، لەکاتی دروستبوونیدا ٤٠٠ موزەلیی بەکارنەهاتوو و هاوەنیان لەلایەن سوپای قودسەوە پێدراوە، ئەم حیزبە لەلایەن کەسێکەوە سەرپەرشتی دەکرا بەناوی ئاغای ئەحمەدی. لە ساڵی ١٩٩٥دا ئەم گروپە دەستی لە تیرۆرکردنی زیاتر لە ٢٠ پێشمەرگەی کۆمەڵەو حیزبی دیموکراتدا هەبووە.

هەروەها لەو ساڵانەدا پیلانێکیان داڕشت بۆ ئەوەی بە هاوکاریی بزووتنەوەی ئیسلامیو تیمی کۆماندۆی سوپای پاسدارانی ئێران تەسفیەی کۆمەڵە بکەن. هەروەها لەبەردەم مەڵبەندی سلێمانی یەکێتیی دوو پێشمەرگەی کۆمەڵەیان تیرۆرکرد بەناوەکانی (عوسمانی فەرمانی)و (عوسمانی کیانی)و دواتر یەکێتیی لەسەر فشاری کۆمەڵە بکوژەکانی گرتو سێیانی لێ ئیعدام کردن. ئەم گروپە دواتر هەڵوەشانەوە. ئێستا کەمالی مام ڕەحمانی ماوەتی لە شاری ورمێ دادەنیشێتو پلەی بەرزی لە ئیتڵاعاتدا هەیە، بەڵام لەژێر ئیقامەی جەبریدایە و بۆی نییە ئەو شارە بەجێبهێڵێت.

**گروپی دووەم، گروپی ئاگری سووری کوردستان (ئاسک)ە کە محەمەد پێنجوێنی سکرتێریان بوو، (ئاسك) یەکێك بوو لەو گرووپانەی کە ڕاستەوخۆ کاریان بۆ ئیتڵاعات دەکرد. ئەم گروپە بەرپرسیارن لە تیرۆرکردنی سەعید یەزدان پەنا سکرتێری یەکێتیی شۆڕشگێڕانی کوردستانی ئێرانو بەرپرسیاریشن لە ژەهراویکردنی ئاوی خواردنەوەی پێشمەرگەکانی ئەو حیزبە لە شارۆچکەی باینجان کە بووە هۆی تیرۆرکردنی کۆمەڵێك پێشمەرگە. سکرتێری ئاگری سوور (محەمەد پێنجوێنی) بەشێوەیەکی نادیار کوژرا. کە پێدەچێت کوشتنەکەی دەستی سوپای قودسی لەپشتەوە بووبێت، لەساڵی ٢٠٠٠یش ئیتڵاعات لە گەڕەکی ئازادیی شاری سلێمانی سکرتێری گروپێکی ئیسلامی میانڕەویان لەماڵەکەی خۆیدا لەگەڵ خێزانەکەیو بووکو کوڕەکەیو پاسەوانەکەیدا تیرۆر کرد.**



هەروەها لە ڕێکەوتی ١٩٩٨/٠٨/١٩ لە دەرەوەی شارۆچکەی دووکان سەعیدی مورادیو ئیسماعیلی نمەکیو عەلی زەگالیان تیرۆرکردو پێنج کەسی دیکەشیان لێ بریندارکردن.

هەرچی سەبارەت بە شەڕی ناوخۆی کوردستانە، لە دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوودا ئێران هەڵگیرسێنەرو ئاگرخۆشکەری زۆربەی ئەو شەڕانە بووە کە لەنێوان حیزبە کوردییەکاندا ڕوویداوە، زۆربەی جار بەنهێنیو هەندێکجاریش بەئاشکرا.

لەمڕووەوە ئیتڵاعات لە ساڵی ١٩٩٣ دەورێکی سەرەکیی لە هەڵگیرساندنو بەردەوامبوونی شەڕی بزووتنەوەو یەکێتیدا هەبوو. لەو شەڕەدا ئێران یارمەتیی هەردوو لای دەدا، هەروەها ئێران دەوری باڵای لەساڵی ١٩٩٥ لە هەڵگیرسانی شەڕی پارتیو یەکێتیی دا هەبووە و ڕۆڵی کاریگەری لە ئاژاوەناوەنەوە دا گێڕاوە. بەرپرسێکی سیاسی ئاماژەی بەوەدا «لەدوای ساڵی ١٩٩١ەوە لە هەموو شەڕێکی ناوخۆیی کوردو کورددا هەر گوللەیەك بەیەکەوە نرابێت، گوللەی ئێرانی بووە.”

لە ساڵی ١٩٩٦یشدا سوپای پاسدارانی ئێران بە پشتیوانیی هێزێکی یەکیەتی نیشتمانی بە فەرماندەیی جەبار فەرمان یەکێک لە فەرماندەرانی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان ٢٠٠ کیلۆمیتری خاکی هەرێمی کوردستانی باشووری بڕی و هاتە کۆیە بۆ تەسفیەکردنی حیزبی دیموکرات، بەڵام خەڵکی شارەکە زوو دێمۆکراتیان لەوە ئاگادار کردەوەوپێشیان بەو کارەساتە گرت. لە مانگی ئووتی ساڵی ١٩٩٦یش ئێران بەئاشکرا هاوکاری یەکێتیی کرد بۆ تەسفیەکردنی پارتیو هێندەی نەمابوو پارتی ئاڵای سپیی تەسلیمبوون هەڵبکات، بەجۆرێك مەسعود بارزانی هاتە قسە بۆ کەناڵەکانی راگەیاندنو گوتی: "پلانێکی ئێرانی بۆ داگیرکردنی عێراق لەئارادایە."

لەسەر بنەمای ئەم بانگەوازەی مەسعود بارزانی چرای سەوزی ئەمریکا بۆ عێراق هەڵکراو دەبابەی عێراقی هاتنە هەولێر و هەتا ناو خاکی رۆژهەڵاتی کوردستان یەکێتییان ڕاونا. ئێستا دوای ٢٠ ساڵ بەسەر ئەو رووداوەدا، کاتێک ئاوڕ لە رابردوو دەدەینەوە، دەتوانین ئەو راستییە ببینین کە ئەوەی لە ماوەی ئەو مانگەدا روویدا گەمەیەکی ترسناکی دەزگا ئیستیخباراتییەکانی دونیابوو کە لەلایەك (دەزگای زانیاری، ئیتڵاعات، حیزبوڵڵاو موخابەراتی سوری)و لەلایەکی دیکەشەوە (پاراستن، موساد، سی ئای ئەی، دەزگای هەواڵگریی عێراق، میتی تورکی) بوون، کە دیارە هاوکێشەکە بە قازانجی گروپی دووەم شکایەوە.

هەرچەندە بزووتنەوەی ئیسلامی ماوەی چەند ساڵ لە هەڵەبجەدا دەسەڵاتی گرتەدەستو پاڵی بەپاڵ راجیمەکانی ئێرانەوە دابوو، بەڵام هەر ئێران خۆی بوو ساڵی ١٩٩٧ چرای سەوزی بۆ یەکێتیی هەڵکرد تاوەکو هەڵەبجە بگرێتەوە.

**بەرپرسی یەکەمی ئیتڵاعات لە هەرێمی کوردستان ناوی (ئاغای حورمەتی)یەو جێگرەکەشی ئاغای (رەحیمی)یە. ئاغای حورمەتی هەنووکە بەرپرسی نووسینگەی سلێمانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە کە بنکەکەی لە گردی زەرگەتەی سلێمانییە، ئیعتیمادی باڵای هەیەو سەرپەرشتیی کارەکانی سلێمانیو هەولێر دەکاتو پلەکەی خوار وەزیرە. بەڵام بارەگای ئیتڵاعات لە سلێمانی لە گردی ئەندازیارانەو کەسێك سەرپەرشتیی کارەکانی دەکات بەناوی (فازیل) کە بەرپرسی چالاکییەکانی ئیتڵاعاتە دژی حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستاندا.**

**لە هەولێریش بارەگای کونسوڵخانە لە گەڕەکی (منارە)و بارەگای ئیتڵاعاتیش لە گەڕەکی (دۆلاراوا)ی هەولێرەو بەرپرسی ئیتڵاعات لە هەولێر ناوی (عەباسی موحیبی)یە. هەموو بەپرسە باڵاکانی ئیتڵاعات لە هەرێمی کوردستان دەمانچەی لێزەریان پێیەو بە سەیارەی مۆدێل کۆن هاتوچۆ دەکەن.**

بەشێك لە کارەکانی ئەم قەرارگایانە، دروستکردنی بەڵگەی سەفەرە بۆ ئەوانەی سەردانی ئێران دەکەن، بەڵام جۆرێکی دیکەی بەڵگە هەیە پێیدەوترێت «کارتی سەوز». ئەم کارتە تایبەتە بە ئەوانەی کە دۆستی نزیکی خۆیانن و لە تەواوی ئێراندا وەکو ناسنامەی باری شارستانی کاری پێدەکرێت.

هەروەها هەندێك لە سەرکردە باڵاکانی سوپای قودسو ئیتڵاعات سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن و لەوانە؛ ئەحمەد فروزەندە جێگری سەرۆکی قەرارگای رەمەزان، کە پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ سەرکردەکانی کورددا هەیەو لە ٢٥ی ئەیلولی ٢٠٠٦دا سەردانی هەرێمی کوردستانی کردووەو لەگەڵ تاڵەبانیو بارزانیدا کۆبووەتەوە.



**هەرێمی کوردستان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران (قووڵایی ستراتیژی)ی هەیە، ئەو دەیەوێت شەڕی بەرژەوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکاو ئیسرائیلدا لە دەرەوەی خاکی خۆیدا بکات.** بۆ ئەم مەبەستەش هەرێمی کوردستانی باشووری هەڵبژاردووە و پێی گونجاوترین شوێنە بۆ ئەو کارە، چونکە چەقی بەریەککەوتنی بەرژەوەندییەکانی ئێرانو ئەمریکاو ئیسرائیلە. ئێستا بەشێکی گرنگ لە کارەکانی ئیتلاعات شوێنپێهەڵگرتنی چالاکییەکانی دەزگای مۆسادو دەزگای هەواڵگریی ئەمریکیو بنکەو بارەگاکانی ئەمریکایە لە هەرێمی کوردستاندا. بۆ نموونە؛ ئیتلاعات توانی کەمپێکی راهێنانی دەزگای مووساد لە ناوچەی زاوێتەی بادینان ئاشکرابکاتو بەهۆی ئەوەشەوە کەمپەکە پێچرایەوە بۆ شوێنێکی نادیار.

**یەکێک لە بەرپرسانی دەزگای پاراستنی پارتی دیمۆکرات راگەیاندووە: "ئیتلاعات چاوی لەسەر ئەو کادیرە لێوەشاوانەی پارتییە کە بەشداریی خولی حەفتاونۆی مووسادیان کردووەو بەدەستی ئیسرائیلیان دەزانێت لە ناوچەکەدا."**

دەتوانرێت بوترێت کارکردنی ئێران لەسەر هەرێمی کوردستان لە رووی هەواڵگرییەوە، بە شێوەیەکی چڕوپڕەو بە ئیعتیرافی هەندێك لایەنی پەیوەندیدار، بەهێزترینو چالاکترین دەزگای هەواڵگرییە لەنێو ئەو دەزگایانەی لە هەرێمی کوردستاندا کاردەکەن. بەرپرسێك لە دەزگای موخابەراتی عێراق رایگەیاندووە: «ئەگەر ئیتلاعات بیەوێت لەماوەی هەفتەیەکدا کوردستان ژێراوژوور دەکات."

**ئیتلاعات لە چەند روویەکەوە کار لەسەر هەرێمی کوردستان دەکات کە ئەمانەن:**

یەکەم: کارکردن لەسەر حیزبە کوردییەکانی عێراق: ئێران بەشێوەیەکی بەربڵاو لە هەوڵی مسۆگەرکردنی هاوکاریو پەیوەندیی حیزبە کوردییەکانی عێراقدایە، چ ئەوانەی خۆی دەستی هەبووە لە دروستکردنیاندا (وەکوو بزووتنەوەی ئیسلامی)، چ ئەوانەی کە لە چوارچێوەی ستراتیژی ئێراندا خۆیان رێکخستووە (وەکو حیزبی سۆسیالیست و یەکیەتی. جگە لەوەی راستەوخۆ هەندێك حیزبی دروستکرد، لەوانە؛ پارتی راپەڕینی کوردستانو ئاگری سووری کوردستان.)

**ئێران لە رێگەی قەرارگای رەمەزانەوە، پەیوەندیی لەگەڵ سەرجەمی حیزبە کوردییەکاندا هەبووەو بەپێی کەوتنە ناو ستراتیژی بەرژەوەندییەکانەوە، هاوکاریی کردوون. بەرپرسێکی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی جەختی لەسەر ئەو راستییە کردەوە کە زۆربەی حیزبە کوردییەکانی باشوور**

**لە قەرارگای ڕەمەزان مووچەیان هەیە. ئەو بەرپرسە وتی: «لەنێو حیزبە کوردییەکاندا تەنها دوو حیزب هەیە کە دژی حیزبە کوردییەکانی ئێران کاریان نەکردبێت، ئەوانیش (حیزبی شیوعیو یەکگرتووی ئیسلامی)ن».**

ئەو بەرپرسە دەشڵێت: «جگە لەوەی ڕاستەوخۆ لەلایەن ئەو دوو پارتەوە (پارتی ڕاپەڕینو ئاگری سوور) ئەندامانمان فریو دراون، هەندێك حیزبی دیکە وەکو (چاو) کاریان بۆ ئێران کردووەو ئێرانیان لە جموجۆڵو هاتوچۆو شوێنی حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئاگادارکردۆتەوە.» ئەو بەرپرسە ئەوەشی وت: «زۆربەی جار ڕێکەوتنی نێوان حیزبە کوردییەکانی عێراقو کۆماری ئیسلامیی ئێران، لەسەر حسابی کوشتنو گرتنو ڕاونانو دەرکردنو بێدەنگکردنی حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران بووە».

هەرچەند ئێستا ڕێکەوتنێکی جێنتڵمانانە لەنێوان یەکێتییو ڕژیمی ئێراندا هەیە کە یەکێتیی گرەنتی دانیشتنی بێدەنگی کۆمەڵەو دیموکراتو شۆڕشگێڕانو حیزبە کوردییەکانی تر بکات، لە بەرامبەریشدا ئێران دەست لە ئیغتیالاتی ئەندامو کادیرانی ئەو حیزبانە هەڵبگرێت. سەرەڕای ئەو ڕێکەوتنانەش، ئیتڵاعات هێشتا لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوامە.



**عومەر کەریم شەریف، پێشمەرگەی سۆسیالیست لە زیندانی سنە**

**چاودێرێکی ئەمنی لە هەرێمی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، "هەر کەسێک تیرۆر کراو بکوژەکەی دەستگیر نەکرا، ئەوە کاری ئیتڵاعاتە، چونکە ناتوانین ئەندامانی ئیتڵاعات دەستگیر بکەین."**


ڕێکەوتی ١٧ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی (٢٦ مانگی ئاوریلی ٢٠٠٠) پێشمەرگەیەکی حیزبی سۆسیالیست بەناوی **عومەر کەریم شەریف** و خەڵکی سەید سادق لە هەرێمی کوردستان، کە لەسەر سنوور سەرقاڵی نیگابانی بووە، بە کوشتنی پاسدارێکی ڕژیمی ئێران تۆمەتبار کرا و ڕۆژی دواتر لەلایەن ئاسایشی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستانەوە دەستبەسەر و ڕادەستی ئیتلاعاتی ئێران کرا و سەرئەنجام حوکمی سێدارەی بەسەردا سەپێندراو هەنووکە سەرەڕای ڕەزایەتی بنەماڵەی پاسدارە کوژرووەکە، لە زیندانی سنە چاوەڕوانی جێبەجێ کردنی حوکمی سێدارەیە.



ناوەندی سەرکردایەتیی کۆمەڵی ئیسلامی

**هەندێك جاریش ئێران راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەستی هەبووە لە کاروباری ناوخۆی حیزبەکانی کوردستانو وەرگرتنی پۆستو بەرپرسیارێتییە حیزبیو حکومییەکان، بەتایبەت لە دیاریکردنی رابەری بزووتنەوەی ئیسلامی و پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامیو دانانی پارێزگارو وەزیرو ئەندامانی مەکتەبی سیاسیو سەرکردایەتیو سەرکردە سەربازییەکانی یەکێتی و هەروەها دیاریکرنی فەرماندەو کارمەندانی بازگەی نزیك لە حیزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن."**

دووەم: کارکردن لەسەر حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران




بەشێکی دیکەی کارکردنی ئیتلاعاتی ئێران لە هەرێمی کوردستاندا، چاودێریکردنو ئیختیراقکردنو ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستییە لەدژی حیزبە کوردییە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران. لەمرووەشەوە جگە لە فریودانی ٣٠٠ کەس لە نەیارەکانی لە چوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا لە ماوەی ٢٠ ساڵی رابردوودا، چەندین جار هەوڵی ئیختیراقکردنی ئەو حیزبانەی داوە.

بەرپرسی یەکێك لە حیزبە ئۆپۆزسیۆنەکانی ئێران ئاماژەی بەوەکردووە" **:لە هەموو ٣٠ کەسێك کە دەیانەوێت پەیوەندی بە ئێمەوە بکەن، ٢٠یان ئیتلاعات رەوانەی کردوون، تەنانەت هەندێك لەوانە بە سیناریۆی زۆر قورسەوە دەنێردرێن. بۆ نموونە؛**

**کەسی  وایان ناردووە، لە ئێران پاسداری کوشتووەو هەڵهاتووەو ئێران خۆشی ئەمری ئیعدامی دەرکردووە، پاشان هاتووەتە ناو ئێمەو داوای بە ئەندامبوونی کردووە. کەچی لە بنەمادا هەموو ئەوانە سیناریۆیەك بوون بۆ ئەوەی ئێمە متمانە بەو کەسانە بکەین."**

ئەو بەرپرسە ئەوەی نەشاردەوە کە هەوڵی ئیختیراقکردنیان زۆرەو بە بەردەوامی لە هەوڵی دۆزینەوەی ئەوانەدان کە ئیتڵاعاتی ئێرانن‌و هەندێك لەوانە بە پلانی زۆر مەترسیدارەوە گیراون، لەوانە؛ ژەهراویکردنی سەرچاوەی ئاوی پێشمەرگەکان وەکوو ئەوەی لە قەزای کۆیەو شارۆچکەی باینجان روویدا بەرامبەر بە پێشمەرگەکانی دیموکرات‌و شۆڕشگێڕان‌و پلانی تیرۆرکردنی سەرکردەکان‌و رێبەرانی حیزب، کە زیاتر لە ٤٠ کادر و پێشمەرگە ژەهراوی بوون.

**ئەو بەرپرسە ئاماژەی بەوەدا کە ئەوانیش لە رێگەی هەندێك سەرچاوەی خۆیانەوە بۆیان دەرکەوتووە کە (جیابوونەوەی ناو حیزبە کوردییەکانی ئێران) پلانێکی وردو کاربۆکراوی ئیتڵاعاتە.**

**ئەو بەرپرسە وتی: "لەدوای تیرۆرکردنی ژمارەیەك سەرکردەو رێبەرو کادیرو ئەندامەوە، ئیتڵاعات گەیشتە ئەو بڕوایەی تیرۆری کەسەکان نابێتە هۆی تواندنەوەو پساندنی خەباتی ئەو حیزبانە، هەربۆیە لەبری ئەوە پلانی تیرۆری جەستەی حیزبەکانیان داڕشتووە لەبری جەستەی کەسەکان، کە بەداخەوە هەتا رادەیەکی زۆر توانیویانە لەم پیلانەیاندا سەرکەوتووبن."**

دەگوترێ، ئەندامێکی مەکتەبی سیاسیی یەکیەتیی نیشتمانیی کوردستان، راستەوخۆ دەستی لە ئینشعابی دێمۆکراتەکاندا هەبووەو پشتیوانیی دارایی و ئابووریی یەکێك لە لایەنەکانی کردووەو کارئاسانیی بۆ دروستبوونی ئینشعاب کردووە.

سێیەم: کونسوڵخانەو قەرارگاکان



دەزگای ئیتڵاعات هەر بەوەوە نەوەستاوە

کە لە کوردستاندا چالاکیی هەواڵگری بکات،بەڵکوو لە ئێرانەوە بەشێك لە دامودەزگا هەواڵگرییەکانیشی بۆ هەرێمی کوردستان گواستۆتەوە. ئەگەر لە وڵاتانی دیکەدا نەریت بێت کە لە هەموو باڵیۆزخانەو کونسوڵخانەیەکدا کارمەندێکی پایەبەرزی هەواڵگری هەبێت، ئەوا بۆ ئێران دۆخەکە تەواو جیاوازە، چونکە باڵیۆزخانەو کونسوڵخانەکانی لە تەواوی دونیادا وەك دەزگایەکی هەواڵگری کاریانکردووە لەژێر چەتری دیپلۆماسیدا. هەربۆیە تەواوی ستافی نووسینگەو کونسوڵخانەو باڵیۆزخانەکانیان ئەفسەری پایەبەرزی سوپای قودسو ئیتڵاعاتن.

لەژێر چەتری ئەم ناوەدا دەتوانن ئاسانتر بە کارەکانیان رابگەن، بەتایبەتی کە کارمەندی دیپلۆماسی بەپێی نەریتی نێودەوڵەتی حەسانەی دیپلۆماسی هەیە کە هەم ژیانی پارێزراوەو هەم هاتووچۆشی ئاسانترە، لەسەر ئەم بنەمایەش بوو کە پترایۆس فەرماندەی گشتیی سوپای ئەمریکا لە عێراق رایگەیاند کە باڵیۆزی ئێران لە عێراق کازمی قومی ئەفسەری پایەبەرزی سوپای قودسە. لەم نێوەندەدا ئەوەی لە هەمووی ناسروشتیترەو جێگای سەرسامییە ئەوەیە کە هەتا پێش پرۆسەی ئازادیی عێراق، ئیتڵاعات سڵی لەوە نەکردووەتەوە کە بارەگاکانی لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا بەناوی قەرارگای رەمەزانەوە بکاتەوە کە دیارە قەرارگای رەمەزان ئەو بەشەیە لە سوپای قودسو ئیتڵاعات کە ئەرکی کۆکردنەوەی زانیاریو لێکۆڵینەوەو پلانو ئەنجامدانی کاری هەواڵگریی پێسپێردراوە لەناو خاکی عێراقدا.

**چوارەم: ئابووری**

بەو پێیەی ٣٠%-٤٠%ی پێداویستییەکانی رۆژانەی خەڵك لە هەرێمی کوردستاندا لە ئێرانەوە دێن، زیاتر لە ١٥٠ کۆمپانیای ئێرانی لە هەرێمی کوردستاندا لە بواری جۆراوجۆردا سەرمایەگوزاری دەکەن. بەپێی لیستێك کە بڵاو بۆتەوە، تەنها لە سنووری پارێزگای سلێمانی ٨٦ کۆمپانیای ئێرانی بەرەسمی تۆمارکراون.

تێچووی چالاکییە هەواڵگریو سیاسیو سەربازییەکانی سوپای قودسو ئیتڵاعات، مانگانە لە ١٠٠ ملیۆن دۆلار تێدەپەڕێت، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەم دەزگایە بۆ خۆی بنچیینەیەکی ئابووریی گرنگی هەیەو لە چەندین بواردا سەرمایەگوزاری دەکات.

بەپێی توێژینەوەیەك کە ساڵی ٢٠٠٤ لە زانکۆی تاران ئەنجامدراوە، داهاتی ساڵانەی سوپای قودس دوانزە ملیار دۆلار بووە. هەروەها بەپێی توێژینەوەکانی ساڵی ٢٠٠٧، ٥٧%ی نێردەو هاوردەی ئێرانو ٣٠%ی نێردەی نەوتی ئێران لەلایەن کۆمپانیاکانی سەر بە سوپای قودسەوە

ئەنجامدراون. بەم پێیەش زۆربەی زۆری ئەو کۆمپانیا ئێرانییانەی کە لە دەرەوەی سنووری ئێران سەرمایەگوزاری دەکەن سەر بە سوپای قودسو دەزگای ئیتلاعاتن یاخود پەیوەندییان پێیانەوە هەیە.

زۆرجاریش لەژێر باڵی ئەو کۆمپانیایانەدا کاری سیخوڕییان کردووە، هەتا ساڵی ۲۰۰۵یش کۆمپانیا ئێرانییەکان لەلایەن دەزگایەکەوە سەرپەرشتیی دەکران بەناوی (ئەمینداریێتیی گشتیی ئەنجومەنی کۆمپانیا ئێرانییەکان) کە کەسێکی ئیتلاعات رێکخەری کارەکانیەتی بەناوی ئاغای (روحانی)، کە رێکخەری پەیوەندییەکانی نێوان کونسوڵخانەو کۆمپانیا ئێرانییەکانە. لە هەندێك لەو کۆمپانیایانەدا، تەواوی کۆمپانیاکەو لە هەندێکی دیکەیاندا تەنها سەرۆکی کۆمپانیاکە سەر بە ئیتلاعاتن. لەنێو ئەم کۆمپانیایانەدا هەندێکیان راستەوخۆ سەر بە ئیتلاعاتن، لەوانە:

**ئەلف :**کۆمپانیای ئاریا لوقمان، کە بەرپرسەکەی ناوی (ئاریامنش)ەو ئەفسەری ئیتلاعاتەو بەشێك لە سەرمایەی ئیتلاعات لەرێگەی ئەم کۆمپانیایەوە دێتە هەرێمی کوردستانەوە.

**بێ :**کۆمپانیای شەهریار، کە تایبەتە بە گواستنەوەی هاوڵاتیانو کۆمپانیایەکی جیهانییەو خاوەنەکەی ئاغای (رۆحی)یەو لە تارانو مەریوانو سلێمانی نووسینگەی هەیە. سەرجەم ئەو کەسانەی کە لە کۆمپانیا هاتوچۆکان ناویان بۆ وەرگرتنی بلیت تۆمار دەکرێ، دواجار دەچنەوە وەزارەتی ئیتلاعاتی ئێران.

**پێ :**کۆمپانیای سەفینەی کۆماری ئیسلامی ئێران، کە بارەگاکەی لە سلێمانی دەکەوێتە نزیك شەقامی سەهۆڵەکەو ۵۰۰۰ کارمەندی هەیەو لەنێوان مەریوانو پێنجوێنو تەوێڵەو بیارەو پەروێزخان بازرگانی دەکەن.

**پێنجەم :ئەنسارولئیسلام**



ئێران بەئاشکرا یاری بە کارتی ئەنسارولئیسلام لە بەرامبەر ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا دەکاتو بەپێی هەندێك هەواڵ لەدوا سەردانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئێران، بەراشکاوی پێیانوتووە "ئەنسارو تریاك، بەرامبەر بە پژاكو عەرەق"ن. ئەمەش بەڵگەیەکی روونە کە ئەنسارولئیسلام وەکو دۆسیەیەك لەلایەن ئیتلاعاتەوە یارییان پێدەکرێت.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە سایتی (ئیلاف) بڵاویکردوونەتەوە، ئەنسارولئیسلام لە مەریوان بە ئاگاداریی ئێران کۆبوونەوە دەکەن، لە هۆتێل زرێبارو لەلایەن کەسێکەوە ئیدارە دەکرێن بەناوی مەلا محەمەدی قادریو لەپشتی ئەو هۆتێلەشەوە چەند بینایەك هەیە کە تایبەتە بە ئەندامانی تاقمی ئەنسارولئیسلام.

بەپێی زانیارییەکانی سایتی (ئیلاف)، لەنزیك شاری مەریوان سەربازگەیەکی مەشقی ئەنسارولئیسلام هەیە کە راهێنان لەسەر بەکارهێنانی چەكو بۆمبی تەوقیتکراوو پەلاماری پارتیزانیی دەکەنو لەلایەن ئێرانیشەوە ئەرکی ئیغتیالاتو لەناوبردنی هەندێك سەرکردەو نەیاری ئێرانیان پێدەسپێردرێت لەنێو ریزی حیزبە کوردییەکانی عێراقو ئێراندا. کە دواترینیان هەوڵی ئیغتیالکردنی (مەلا بەختیار)ی کارگێڕی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتیی بوو.

**شەشەم :ترياك و ماددەی هۆشبەر**

بەپێی لێدوانی پلە دارێکی ئاسایشی سلێمانی، ئاگادارن کە ناردنی تریاك بۆ هەرێمی کوردستان لەلایەن ئیتلاعاتەوە کارێکی رێکخراوەو دەیانەوێت مادە بێهۆشکەرەکان لە هەرێمی کوردستاندا بڵاوببێتەوە. ئەمە جگە لەوەی هەرێمی کوردستان دەکەوێتە سەر یەکێك لە قازانجهێنەرترین هێڵەکانی گواستنەوەی تریاك کە (ئەفغانستان ئێران.. کوردستان.. ئوردۆن یان سەعوودیە). لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستانیشدا چەندین کەس بە تاوانی بازرگانی بە مادە بێهۆشکەرەکانەوە گیراون کە زۆربەیان ئێرانین. ئەمە جگە لەوەی گوماندەکرێت چەند تۆڕێکی مافیایی لە هەرێمی کوردستان دروستبووبێت بۆ ئەم بازرگانییەو کەسی حیزبیو عەشایری گەورە لەپشتیانەوە هەبن کە پەیوەندییان لەگەڵ ئیتلاعاتدا هەیە، بەتایبەتی لە ناوچەی هەورامانو هەڵەبجەی شەهید.

**حەوتەم :بواری رۆشنبیری**




ئیتلاعات زۆر بەوردی کار بۆ ئەوە دەکات کە فەرهەنگو کولتوورو رۆشنبیریی خۆی بەسەر هەرێمی کوردستاندا بسەپێنێتو لەمڕووەشەوە تا رادەیەکی باش سەرکەوتوو بووە، بەتایبەتی لەو ناوچانەی نزیکن لە ئێرانەوە. بۆ نموونە؛ هەڵەبجە، پێنجوێن، قەڵادزێ، سۆرانو حاجی ئۆمەران. هەروەها کەناڵی ئاسمانیی سەحەر بەتایبەت بۆ هەرێمی کوردستان ئاراستەکراوە، بە بەڵگەی ئەوەی لە تەواوی هەواڵەکانی ئەو کەناڵەدا ئاماژە بە بارودۆخی شارەکانی کوردستانی ئێران نادات کەچی ٣_٤ هەواڵی لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە.

**بەرپرسی دووەمی یەکێک لە حیزبەکانی کوردستانی ئێران ئاماژەی بەوەدا کە بەم دواییانە ئیتڵاعات لە هەوڵی ئەوەدایە لە رێگەی ئەو رۆژنامەنووسە ئێرانییانەی لە میدیاکانی کوردستاندا کاردەکەن، زانیاری کۆبکاتەوە**.ئەو وتی» :رۆژنامەنووسان بەهۆی پیشەکەیانەوە دەتوانن بگەنە بەرزترین ئاستی زانیاری، لەبەرئەوە پەنا بۆ ئەو کەسانە دەبەن.» بەپێی لێدوانەکانی ئەو بەرپرسە، بەگومانەوە دەڕواننە ئەو رۆژنامانەی کە ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەنووسی ئێرانی کاریان تێدادەکەن.




لەماوەی رابردوودا نزیک بە تێکڕای بەرپرسانی میدیاکانی سەربە یەکیەتیی نیشتمانی و بزووتنەوی گۆڕان سەردانی میدیاکانی وەزارەتی ئیتلاعاتیان کرد. چەند رۆژ دواتر کونوسولی ئێران لە هەولێر لەگەڵ ئەندامێکی وەزارەتی ئیتلاعات سەدانی باسنیوز، رووداو وK24 یان کرد و داوایان کرد کە سەردانی دەزگاکانی ئتلاعات لە ئێران بکەن.

هەروەها تەلەفزیۆنی حیزبە ئیسلامییەکانی یەکگرتوو و کۆمەڵو بزووتنەوە لەژێر هەژموونی تەلەفزیۆنە ئێرانییەکاندانو بەبایەخەوە زنجیرە دۆبلاژکراوە ئێرانییەکان بڵاو دەکەنەوە. ماڵپەڕی کوردپرێس کە ناوەندی بەرێوەبەرایەتی سەرجەم ماڵپەڕەکانی سەربە وەزارەتی ئیتلاعاتە، سەرجەم هەواڵەکانی بۆ باشوور، باکوور و رۆژئاوا تەرخان کردووەو بە ئاراستەی بەرژەونەدییەکانی یەکیەتی و پەکەکە هەواڵەکان رووماڵ دەکات.

**سەرچاوەکان:**

وتاری رێژوانی مەرگ یان مەرگی رێژوان.ن: د، مەسعوود رۆستەمی

ماڵپەڕی"وشە"

گۆڤاری لڤین_ ٢٠٠٦

ئاژانسی کوردپا

تیشک تیڤی

پێشمەرگەکان: ئەم راپۆرتە لە ماڵپەڕی رۆژی کورد وەگیراوە و بێ دەستکاری بڵاو کرایەوە.

01/01/2017

www.peshmergekan.com